

# لەسەفەردا پیر بووم

بەدر ئسماعیل شیرۆکی



هێشتا زووە بلێم پیرم
زۆر درەنگیشە بلێم لاوم
گەلێك زووە
گشت ئومێدو
خۆشەویستی و
جوانی و ئەڤین
بەجێ بێلم.
درەنگیشە خۆم
بەخەیال و
رۆمانسیەت و
خۆشیەکانی
سەردەمی لاوی بسپێرم...

# له سەفەردا پیر بووم

## بەدر ئسماعیل شیرۆکی

چاپی یەکەم

مؤسسة شفق للثقافة والاعلام للكورد الفيليين
دەزگای رۆشنبیری وراگەیاندنی کوردی فەیلی
Foundation For Cultrue
and Media For Faily Kurd

# کەی وەختی ئەوەیە کە پیر بی!!

هێندێ کەس وا دەزانن کە ئەگەر بەرە بەیان تەنیا زوو لە خەو هەستان ئیدی ئەو رۆژە دەبنە شاسواری رووناکیی! هەمیش دەڵێن خەسڵەتێکی شاعیر بوون ئەوەیە کە هەموو بەرەبەیان بە ئاوی خەیاڵ دەمو چاو بشوات و بە گەرمی پیاڵەیێک چای و هەڵی نانێکی گەرم و برێك وشە زگی بەیانیان بسووتینێ وچاوی برسیەتی پێ پربکاتەوەو تا درەنگانێك بە چرە دووکەڵی جگەرە سێبەری خواردن راو بنێ و خۆی لە بیر ببات!

من دەڵێم سیاسەت هەم خزمت بۆ دێنێ و هەم غەدر دەهاوێتە ناو کۆشی هەر گەلێك کە تاسەمەندی زمانێکە بۆ لێك تێگەیشتن! رووی باسم سیاسیەت و مێژوو نیە بەڵکوو باسی برایێکمە کە ئەگەر لە جیات کاری سیاسی و شۆرشگێری لە سەر دابی شاخ، زیاتر زەوق و برشت و توانی خۆی بۆ ساباتی شیعرو ئەدەبیات بە کار بهێنایە رەنگە ئەمرۆ رێرەوی ژیانی بەرەو ئاقارێکی دیکە بچووبایە! هەرچەند هێشتاش هەموو بەیانێك پێش وەخت لە خەو هەڵدەستێ !

**من دەتناسم**
**نیگەران نیم**
**لەروناکی هیچ روبدا**
**ترسم هەیە**
**لەتاریکی**
**ئاگر بەربێتە**
**ئەو پوشە**

ئاساییە لە واتادا شیعرەکانی هەر شاعیرێك لە تابلۆیەك بۆ تابلۆیەك دەگۆرن و جیاوازن بەلام ئەو تایبەتمەندیە نەگۆرەی کە من دوای چارەکە سەدەیەك لە هاوسەفەربوون و برایەتی بەدر ئیسماعیل دەیبینم ئەوەیە کە لە هزرو ئەندێشە و بوێری هێشتا گەنجە



و خاوەنی هەڵوێستی ئینسانی و شاعیرانەی خۆیەتی و هەر ئەوەشە کە هیچ کات مرۆڤ لە دۆستایەتی ئەوو خوێندنەوەی هۆنراوەکانی بە دەنگی بەرز پەشیمان و شەرمەزار ناکات

دەتوانم بێژم (بەدر) زۆر بە سادەیی و ئاسایی لە گەڵ رێرەوی ژیاندا مامڵەی کردووە و بێ ئەوەی کە سناریۆی لە پێشدا ئامادەکراوی هەبێ بویرانە شیعری زیندووی بۆ گوتوین بەلام تەنیا گرفت ئەوەیە هەرچی بەرهەمەکانیەتی سەردەمانەن بەلام لە سات و کاتی خۆیدا بلاویان ناکاتەوە !!

دیوانی (گۆمی شەو) هەگبەیەك بوو لە گەنجیەتی کە بلاوی کردەوە ئەو هیوایە لە دایك بوو ك شاعیر لێ ناگەرێ وەرزو ساڵێك بە وشکی دەربچێ مەگەر لە خەرمانی هزرو بیری دڵی تەری باقە گوڵێکی بە بەرۆکدا هەڵنەواسێ ! ئێستاش بە برەوای من پێچەوانەی ناوی (سەفەر پیری کردم) ئەم هەگبەیە بێ ئەوەی کە گۆچانی پیری بە دەست هزرەکانیەوە ببینین دەتوانێ بۆ ساتەوەختێك هەموومان رازی بکات بەوەی بەهای ئەڤینێك بدەین کە جارنامەی شاعیرە بەرامبەر بە جوانی سروشت و مرۆ

**لەم وولاتە**
**بە دژی ئەڤین ئازادە و**
**هیچ شتێکیش وەك تاریکی**
**رازدار نییە** .

رەنگە ئەو ناوەش ( لە سەفەردا پیر بووم) تەنیا گەمەی ئەو بێ بە ژیان کە زۆر بە سانایی مامڵەی لە گەڵدا دەکات چونکو تا لە بیرمە لە هەرەتی لاویدا چۆنم دیبوو لە شیعر وتن و ئاخافتنی ژیانی رۆژانەدا، ئیستاش هەر وەك خۆی بە موریدی ئینسان و کەمێك گەنجتر دەیبینم ! رەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێ ك ئێستا نە سیاسەت دەکاو نە مێژووش دەنووسێ ! خوا بکا هەر شیعر بڵێ.

**عەلی حسێن فەیلی**
**بەهاری ٢٠١٠**

## شەڕە بەفر

تۆپە بەفرێکت لێدەدەم
دەی ئەوە هات
بگرە بخۆ
تورە مەبە
وامەزانە ئەوە بەفرە
وێت دەکەوێ
ئەوە تۆلەو
رقیش نیە
بەرەو روت دێ
ئەوە خۆشەویستی منە
لەگەل هرتۆپەلە بەفرێك
دلێك بەرەو سنگت دەخشێ.
بگرە بخۆ
ئەوە یەك دڵ
ئەوە دوو دڵ
هەموو بەفرو
هەموو دلوو خۆشەویستی
دەی خۆت بگرە
ئەوە دلێك
ئوە بەفرێك
ئەمەیان دوو
بگرە بخۆ
هەی برژانگ رەشی
سنگ پەمۆ



## ئەمن کێم

هێشتا زووە بلێم پیرم
زۆر درەنگیشە بلێم لاوم
گەلێك زووە
گشت ئومێدو
خۆشەویستی و
جوانی و ئەڤین
بەجێ بێلم.
درەنگیشە خۆم
بەخەیال و
رۆمانسیەت و
خۆشیەکانی
سەردەمی لاوی بسپێرم...
زۆر پیر نیم و
زۆریش لاو نیم
راستتان دەوێ
لەو تەمەنە
خۆشم نازانم
ئەمن چیم.

## بابۆ خۆو بێ

سەردەمانی
سەرین بەرد و
ئاسمان لێف و
زەوی دۆشەك
با بۆخۆو بێ
سەردەمانی
ووردكەنانی
ناوگیرفانو
ئارەق و كەفی
بن ڕەخت و
بۆن بۆگەنی
پێلاوەكانی ئادیداس
بابۆخۆو بێ
نەوەی ئێمە
لە گورگ و مەڕی بەیانی
بە زڵلەیەك
بناگۆی خۆی
سوور سوور دەكات ....



## بە تەنیایی

لەجەنگەڵی
شارەكاندا
دێت و دەڕوا .
لەجەنگەڵی شارەكاندا
دارەكان یەكتر ماچ دەكەن
بەس لەترسی
بەربونەوە
یەكتری لەباوەش دەكەن .
دارەكان
هەندێك جاران
تورە دەبن ,
ئاشت دەبنەوە
دارەكان
لەپرسەی مەرگی یەكتر
كۆم دەبنەوە .
ئەوان بەری
یەكتر دەخۆن
لەسێبەری ئەویتریان دادەنیشن
لیناگەرین هێلانەیەك
لەسەر لكیان
دروست بكرێ,
لێشناگەرێن
باڵندەیەك
لەسەر چلێك

ئارام بگرێ.
لەو جەنگەڵە شارە نامۆیەدا
دەمەو بەیانێك
دەنگی باقی دێ
پڕ بە گەروی هاوار دەكا
دەهەستنەوە
دەهەستنەوە
هەی لەتری خەوی بەتەنێی بەم.
جەنگەڵ نوستووە
باقی دڵتەنگە
كەس لەدارەكان
هەست بەوە ناكات
چونكە لەو شەوە
تەنیا باقی
لەتەنیایی و بە تەنیا نوستن
زڕخەو بووە.



## بەهای ئەڤین

بەهای ئەڤین
هەر چییەك بێت
من ئامادەم
فرمێسكی چاو
خوێنی دڵ بێ
یان شیلەی گیان
ڕێگایەك بێ
بەرەو دۆزەخ
بەرەو نەمان
بەهای ئەڤین
هەر چیەك بێ .
با گۆشەیەك بێت لەپیری
دابەزین بێ
لە سەر تەخت و
كورسی میری..
با شادترین
دەمیش خەم بێ
روناكترین
رۆژیش تەم بێ
من ئامادەم
بەمەرجێك تۆش
هەوڵێك بدەی
سیلەچاوێك
لە من بكەی..

## بۆ وڵاتم

نازم بکێشە
نازە گیان
لە بیرت دێ
جاران لە پشت
ئەم شاخەوە
بە ترس و شەرم
تێم دەڕوانی
نازم بکێشە نازێ گیان
من کوردێکی
دۆ نەدیدەم
دەنا کەی تۆ
بەو ئەندازە
ناسك و جووانی ....!



## بۆچی

ئەوانەی
باش باش تێدەگەن
تۆ خوا منیش تێبگەیێنن
لەم کێوانە
بۆ چی کەوەکان
هێندە کەم و
ڕاوچیەکانیش
هێندە زۆرن
بۆچی پەزە
کیویەکان
هێندە کەم و
ڕەوە گورگ و
کەمتیاریش
هێندە زۆرن
تۆ خوا منیش
تێبگەیێنن
لەم وڵاتە
بێ دار و بێ هەنگە
لەم نیشتمانە بێ گەزۆ و
بێ هەنگوینە
بۆ چی دەبێ
مێشە ڕەشکە
هێندە زۆر بن ....

## خەفەت مەخۆ

لە ڕۆژهەڵات
گشتی ژیام
من ڕۆژ ئاواش
گشتی گەڕام
لە هەموو وڵات و شوێنەك
هیچ قەرەجێك
هیچ سەرخۆشێك
بێجگە لە تۆ
پێی نەوتووم
خۆشم دەوێی



## شەوە پائیزیەكان

لە شەوێكی
ئەنگوستە چاوی پائیزی
كەچاوەكان
نیگای یەكتر نادۆزنەوە,
دەستەكانمان
لە یەك دەسوێن,
سینگەكانمان
لەیەك دەسوێن
هەناسەكان
هەوای یەكتر
هەڵدەمژن.
حەزەكانمان
لەناو حەزی
ئەوی تردا
دەبنە ئاو و
دڵەكانمان
خورپەی هی تر
هەڵدەمژن,
ئەم شەوە یەلدا پائیزیە
چەندە كورتە
بۆ تەمەنای
دەستەكانمان,

# چاو چاوانە

جامی دڵم
لێواو لێوە
لە ئاخافتن
قەفەسی سینگ
پڕاو پڕە
لە پەیڤ
لێوەکانیش
پەیف و رازی خۆشەویستی
لێ هەڵدەڕژێ
لەگەڵ ئەوەش
تۆ بێدەنگی و
چاو چاوانەو
نەرم نەرم
پێکەنینت
پێ خۆشترە ...



# خانم گیان

خانم نازم
پێ مەفرۆشە
وەکو تابلۆ هاوار دەکەی
چاوت لینزەو
قژ باروکە.
ئەوە روخساری خۆت نیە
نە خانم گیان
بەشی مەرگەساتی دڵان
مادەی کیمیا
لە سەر روتە.
برژانگی چاو ناسروشتی
لێوو کەپوو
نەشتەر گەر کراو
هەرئەوە نیە خانم گیان
برۆکانیش
بە رادان دراو
خانم بەسە
خۆت هەڵکێشە
بە تی شێرت و
پانتۆلی جین
خۆت کردۆتە بووکە شووشە
من دەتناسم
نیگەران نیم
لەروناکی هیچ روبدا

ترسم هەیە
لەتاریکی
ئاگر بەربێتە
ئەو پووشە.

******************

## کەشو هەوا

لەزستانی دووهەزار و دە
دار کاژەکانی
دەربەندی بازیان
بە قەیرەیی نەمانەوەو
جلی سپی بوکینیان پۆشی..
لە باکورتر، دار بەروەکانی
چیای قەلەندەر
لەبەر تیشکی
خۆرەتاودا
هەردووگوێیان
بۆ هەوالی
گۆرانکاری
کەشوو هەوا
راگرتبوو..



## سوێند دەخۆم

سوێند دەخۆم
سوێند
دوێنی بەرم
لەبەرپێی کەس
نەکێشاوە.!
سوێند دەخۆم
سوێند
لەبازگەکان
شەرم وحەیای
رێبوارانی ئەم ووڵاتەم
قەت وقەت نەپشکنیوە
بەبەرچاوی
ماقمیلکەخۆرانی دەشت
بۆ بارەکەڵلا و
بوئافەرینێك
قەت چارشەوم
لەرووی ناسکە گوڵێکی ووڵاتم
هەڵنەدریوە
سوێند دەخۆم
سوێند
لەوبەر کانی و
لەم بەر دەراو
جلی ژێر و
پۆستاڵ شووشتن

بەکرێ لەناو
سەنگەر نووستن
شوان گرتن و
گوێچکە فرۆشتن
بە زیندوویی
لاقی چێڵان لێکردنەوە
مریشك کرۆشتن
بوون بە چاوساغی شۆفەڵان
تێکدە...تێکدە
تێکدە سەیدی
ئەوە ماڵی ((موخەریبن))
لە ((سید الرئیس)) بەڵان.
وەك سیسرکە
بەناو بۆریە پیسەکاندا
سەرم بەناو
هیچ ماڵێکی
ئەم ووڵاتە
نەکردووە
چرپە و ڕاز و
دەنگووباسی
هەڤاڵانی شاخ نشین و
هیچ شۆخێکی
خوێن شیرینم
بۆ سمێل بۆر و خوێن تاڵی
ووڵاتی ووشتر و خورما
نەبردووە .



بەرازیلیم دەستخۆشانەی
سەرشۆڕانە
لە دێوەکانی سەرزەمینی
مەرگ و گۆڕو لم و خڕنۆك
وەرنەگرتووە.
سوێند دەخۆم
سوێند
دوێنی جاش نەبووم
تا ئەورۆ باش بم
دوێنی ناڵچەی
پۆستاڵ نەبووم
تاکوو ئەمرۆ
پینە و پەڕۆی
بن کەراش بم

# ڕازداری

که ویستت بێیته جێی ژوان
به مانگ بڵێ
ئاوا ببێ
ئەستێره
چاو بنووقێنن
با ئیدیسۆن
داهێنانی فەشەل بێنی
با گازەکان
گشت لامپەکان
بتەقێنن .
(( مۆلیدەکان ))
با بسووتێن
فانۆسەکان
با مان بگرن
شەوگار
با کاری خۆی بکاو
ڕووناکییه بێ شەرمەکان
حەیایان بێ و
خۆ له کاری
خۆشەویستی هەڵنەقورتێنن
لەم وولاته
به دزی ئەڤین ئازاده و
هیچ شتێکیش وەك تاریکی
ڕازدار نییه .



# ژن وکات

کات بەزەیی
به جووانیم نایێ
تارەکانی
قژی سەرم
دانه دانه
هەڵدەوەرێنی
خانمەکەی ماڵیش
بەزەیی ناکا و
جار جار وەك دووپشك
پێم وەدەداو
لەش و گیانم
دەچزێنێ
هەندێك جاریش
وەك پەروانه, به دەورم دا
دێ و و دەچێ و
وەکوو مۆم دام دەگیرسێنی ...

## کەیبانۆ

بازرگان بی
گەمیەکانت
وەرگەڕێن و
بە کاڵاوە
سەرنخوونی ناو دەریا بن
یان مەڕدار بی و
ڕەوە گورگێك
بدا لە ڕان
گشتی بە جارێ
مردار بن
شاعیرێك بی
هەموو بەرهەمی
ساڵان و
شێعرەکانت
بسووتێنن
ووشە بە ووشە
دێر بە دێر
خۆشترە لەوەی
بەیانییەك
کەیبانۆی ماڵ
بە دڵشکاوی
بەڕێت بکا و
پێت نەڵێ ئۆغەرت خێر ...



## لە ناو پێخەف

یادیان بە خێر
ئەو ڕۆژانە
کە سنگ پڕ بوو
لە بۆنی چیا و
لە مێلاقە و
مرۆڤایەتی
یادیان بە خێر
ئەو ساتانە
کە گوێ پڕ بوو
لە هاژەی چەم
قاسپەی کەو و
کوردایەتی
یادیان بە خێر
ئەو کاتانەی
لەسەر چیا
لە نێزیکی ئاسمان دەژیاین
لەگەڵ مردن
پێدەکەنین
لەگەڵ ژیان
تێر دەگریاین
یادیان بە خێر
ئەو دەمانە
گەر هەڵکەوتبا
کات دەستکەوتبا

له ناو پێخەف
تێر دەنووستین
بەڵام هەرگیز
کەم لە یادمە
لە ناو پێخەف
نەدەمردین ...

**********************

## شەوەکانم

شەوەکانم
پڕ لە گوڵ و
لە شەقەی باڵی
باڵندە.
شەوەکانم
لێواو لێوە
لە ویزەی باو
بۆنی خاکی
بەر باران و
نەرمە هەناسەیەکی
سوار و
گەردەنێکی بلورین و
هاژەی چەمی
خەرمانێك
قژی لێك هالاو.



## نیاز

دنیا پڕە
لە چوکلێت و
گەزۆ و
بسکوێت و شیرینی
دنیا پڕە
لە پڵاو و
ساندویچ و ماست
کە دایدەنێی
لە تەنیشت قاپێ هەنگوینێ
دنیا پڕە
لە مزگەوت و
لە پەرستگە و
لە کلێسە
دنیا پڕە
لە ڕۆژنامە و
لە گۆڤار و
کۆڕی کلێشە
دنیا پڕە
لە هونەر و
فەلسەفە و
تکنیك و
لە ئەندێشە
هەموو ڕۆژێ
هەزاران جار

لە ڕۆژنامە و
تەلەفزیۆن و
ڕادیۆدا
هاوار دەکەین
مرۆڤ زاڵە
بە سەر مانگ و
کەهکەشان و
دەریا و خاك
بەڵام کە ورد
سەرنج ئەدەین
هێشتاکە زۆر زۆر
هەوجەیە بە
ئەندێشەی چاك
گووتاری چاك
ڕەوتاری چاك



## ڤینۆس

ڕووخساری تۆ
ڤینۆس؟
نە ..!
پارچەیەکی شکاوی مانگە
کەوتۆتە سەر زەوی و
لە ژێر سوخمەتدا
دوو گۆی ئاگرین
قیت بوونەتەوە ....
لە ناوەڕاستیان
دڵی تۆ ؟
نە ..!
بەڵکوو دڵی من
ڕۆژێ چەند جاران
چاك چاك
دەبرژێ و
دەسووتێتەوە ...

## گەلە کۆمە

گەلەکۆمەی ئاشقانەی
جوتێك بسك و
جوتێك لێو و
جوتێك مەم و
هەناسەیەکی گەرم گەرم و
جوتێك چاوی مەست مەستی
خەواڵو و
ڕێژنەی سەختی
ماچەکانی
خۆشەویستم
بەرێوەیە



## لەسەفەردا پیر بووم

خوانەکا لافاو
هەڵبستێ
خوانەکا زریان
هەڵبکا
بەڵام گەر بووش
قەت بیر لە چیا
نەکەنەوە.
هرگیز, هەرگیز
تەقە. کەمین.تفەنگ
فەرامۆش کەن.
مەردایەتی
بالەپشت تەڕاشان
بمرێ
دوندی چیا لەبێکەسی
باشەوو رۆژ
ئۆقرە نەگرێ.
کوردایەتی
هەر لەسەر دابی
رابردوو
با بۆ چیرۆك و
داستان بێ ...
کوڕەکانم
وانەکانتان
باش بخوێنن

بیر لە شۆڕش
لە ئازادی مەکەنەوە
وەکوو مەڕێك
ملتان پان بێ و
پشت بە تووك بن
وەکو مامر
لەسەر هێلکان
بمێننەوە...
بەس وانەکانتان بخوێنن
تاسبەی ڕۆژێ
وەکو ئیمە
بەپێپەتی و
بە چاو کوێری و
نەخوێندەوار
لەبەر دەرگای
دائیرەکان
لە بەرامبەر فەرماندەری
سەربۆیاغی سمێل تاشراو
ئارەقی شەرم
لەتەوێلی هەتاو سوتاو
نێتە خوارو
سەر شۆڕ نەکەن
تا لەخەفەت
دەستی ماندوو
توند نەگەزن
لە رابردوو



گر بەر نەدەن..
ئێمە کەچووین
سەرو گیانمان
لە پیرۆ ناو
لەژێر گرمەی
شاخوو رنۆو
زۆنگی نسکۆو
تف و لۆمەو
بەزین دەرچووین.
ئێوە مەلێن
چیتان هەبوو
چیتان جێهێشت
نەهەر وڵات
پێلاوێکی پینەکراوو
بیرەوەری
شوانکاری و
وڵاتێکی
بەجوێن تف دراو
بە خوێن سواخ دراومان
بە جێهێشت.
لەگەڵ ئێمە
ئەو سەرکێشەی
کەڵەپیاوی دوندەکانوو
دەردوژانی
مێژوویێك و
نەتەوەیەك

لەکۆچدابوون ..
ئەو دەم
روانگەکان جیاواز بوون
کۆچەرەکان
هەموو ژیانیان
لە دۆڵەکانی سەر سنوور
لەخاك ناشت و
جواڵەکانیان
پڕاوپڕ لە مەرگ ومردن کرد.
سەر بڵندی و
شانازیەکانیان لەکۆڵ ناو
دۆیها دۆیهایان
لەسەر شۆڕی و
ژێر دەستی کرد.
ئەوجا بەرەو
نادیاری
بەرەو تاریکستانێکی ون
بەرەو خاکێکی
نائاشنا
هەنگاومان نا ...
وامەزانن
لەو دیو سنور
رایەخی سوور
بۆ ژێر پێمان
راخرا بوو
پێخەوی نەرم و



ئاوریشم
بۆ نوستنمان
دانرابوو؟...
نانا لەوێ
پەرتیان کردین
وەکو مستێك
خیزی وشك
بۆ دارستانێك هەڵدرێ
وەکوو کۆشێك
بەروی شاخان
بۆ ناو دەریاییێك
فڕێ درێ.
کوڕ لە باب و
باوك لە کوڕ ون بوون
دایکان دەگریان
خوشکان دەگریان
جلەشرەکان
زامی دڵیان
دەشاردەوە
لەشە کزەکان
خوێنی جەرگیان
دەخواردەوە...
گشتمان هەتڵە بووین
گشتیان لەیەك
شاردینەوە
وەرز رۆیین

تاکو وە خۆ هاتینەوە ..
کە گەورە بووم
ئەوجا زانیم
چەند سەخت بووە
خەموو رەنجی
ئاوارە بوون...
کوڕەکانم
بەس بخوێنن..
کە مناڵ بووین
لە چێشتخانەو
خواردنگەکان قاپەکانمان
دەشوشتنەوە.
گەورەتر بووین
زبل و خۆڵی کارگەکانمان
فڕێ دەداو
زەویمان پاك
دەکردەوە.
ئا لەوێدا
هەندێك فێر بووین
نانێك بخۆین
تاکوو نەمرین.
هەندێکیش فێر بووین
باش باش بژین
تاکو بخۆین..
ساڵە سەختەکان
بۆ هەندێك



رۆیین
ساڵە خۆشەکان
بۆ هەندێك
گەیین...
شۆرەش دوبارە
هەڵگیرسا
دووبارە تفەنگ
دووبارە جەنگ
دووبارە کێوە کانی
زێد
زگبرسییەکانی
بەخێر هێنا
خیزەکان گشت
کۆ بوونەوە.
بەڕووەکان بوونەوە پەیکەر.
ماڵ بەجێما
ژن بەجێما
هەرلەبەهار
تاکو زستان
جمەی دەهات
بەرۆکی شەڕ..
بێئەوەی خۆمان بزانین
مناڵیەکانمان
گەورە بوو
چاوەکان و
روانگەکان و

بیلەکان و
پیشەڤان و
کولینگەکان
گەورەتر بوون..
گەرچی ژیان
هەروا هەژار
هەروا رەبەن
دەمایەوە.
خەون , هیڤی
بزاڤ , شۆرەش
لە نەبوونی
دەزایەوە.
ئافرەتەکان
شەش مانگ
هاوسەر
شەش مانگ
بێ شوو
پیاوەکان دەهاتنەوە
بەدەست خاڵی
هیچیان
نەبوو
بێجگە لە بۆنی
دار بەڕو.
سمێڵ بەزۆر
کورت کراوەکان
لەشە بە زۆر



شۆراوەکان
زۆر راست ئەکەن
لە هەندەران
سێومان چنی
زۆر بێستان و
دارمان رنی
بەشێك مردن,
سەر شۆریمان
لەژێر هەر دارێك
دەناشت و
پێشڤەچوونمان
گەورە دەکرد
کچەکانمان
ژنەکانمان
منداڵە وردیلەکانمان
هێدی هێدی
لە ناو شۆو
وەردو گەرما
لەناو زەوی
سلك و نۆك دا
دلۆپ دلۆپ
وەکو بەفر
توانەوە..
لەژێر باری
گرانی کارو
یالله یا الله ی

قەرە پاپاق
زۆر زوو
پیر بوون
وەك شەنگەبی
چەمانەوە..
بەو هەمووەش
نانی وەرزێكمان
دەست دەكەوت
بۆ وەرزی تر
گەر دەست كوتبا
جادەكانمان
گەسك دەدا
زبڵمان كۆ دەكردەوە.
قۆل و زەندمان
هەڵدەماڵی
لە خۆبایی بونمان
دەكوشت
زیرابمان پاك دەكردەوە
بۆ ئیوارەش
بە مەنجەڵێك
ئاوی گەرم
لە سەر شۆی ماڵاندا
جوان و خاوین
خۆمان دەشوشت..
وانەكانتان
باش بخوێنن..



پاش ئەو هەموو
مانگو ساڵە
وا هاتە پێش
گەردون لە قازانجمان
سوورا
جیهان لە دۆژمنمان
تۆرا
تەلیسم شكا
شوورە رووخا
وڵات لە كوێی
هاتینەوە
سەرۆك دەڵێ
لێرە دەمرین
بۆ تاراوگە
ناچینەوە.
پێڵاوە كان
هەر هی پار بوون
جلەكانمان
هەر هی پار بوون
ئەمانە هیچ
گرنگ نەبوون
شەركەرە كان
لە دور دیار بوون...
ئەوەی هەمان بوو
كۆ كراوە
ماڵ تێكنرا

دیسان سەفەر
ئەم جارەیان
هەموو هزرو چاوو رامان
یەك ئادرەس بوو
ئەویش وڵاتو
زێدی باوان...
کە گەرامەوە
شێوەی هەموو شتێك
گۆڕابوو
دارەکان , کز
بێستانەکان
پیر پیر ببوون
چیاکانیش
وەکو توکی سری من
روتابونەوە
مرۆڤەکانیش
تەواو دوو رەنگ
دوو دەم
دوو زمان
دوو دەنگ.
نیشانە ناسیاوەکانی گوند
یەکیان لە جێی
خۆی نەمابوو
جیپێی منالیەکانمان
لە لادێو  وار
راماڵرا بوو



هەر نازانن
چی رویدابوو
پێیەکانمان
دیسان کەوتنەوە
بۆشایی
پێلاوەکان
ژمارەی خۆیان لە بیر چوو.
راستتان دەوێ
ئەوەی شەوان
بۆی دەگریاین
ئەوە نەبوو.
سەر کردەکان
دڵەکانیان
زۆر گەورە بوو
لێبوردن درا
گوتیان هەموویان
بێنەوە
گوتیان هەموومان
وەك یەکین
ئەوانەی سمێلیان
شۆڕە
باکورتی کەن
ئەوەی تۆزی
بیابانی لێنیشتووە
با لە زێدا
جوان جوان لەشی

بشواتەوە
ئەو ناپاکانەی گەلێك پیسن
با سێ جاران
خۆیان لەئاوی هەڵکێشن
دەستێك شاڵ و شەپك
یان جلی خاکی
بپۆشن
رێك دینەوە
سەر شێوەی کوردان
دەبنەوە
کوڕێکی جوان ...
بارودۆخێکی سەیر بوو
(سەلادێك) ی
هەمە رەنگ و
هەمە تام بوو
بەڵام بەدەمی
ئێمە زۆر تاڵ
بە زمانمان
تفت و سوێر
بەڵام بەدەم
سمێل تازە کورت کراوەکان
جل گۆراوو
تازە لە ئاو
هەڵکێشراوان
خۆی وەکو قوندێك
هەنگوین بوو .



ئەوەی بۆ ئێمە
تاڵ دەرچوو
بۆ ئەوان
خۆشوو شیرین بوو.
کوڕەکانم
ڕامین , رامیار
ئێمە تەواو
تەمەنی من
ئیدی بەرەو
نشێودەڕوا
لەو تەمەنە
هیشتا زۆرن هیڤیو خۆزگا.
گوێم لێبگرن
لەتێکۆشین
لازم نیە هەر سەرکێش بن..
لەسەفەردا لازم نیە
خۆت ماندوو کەی
بۆ ئەوەی لە
کوپەی) پێش بن..
کە شەمەندەفەر
گەییە ئامانج..
ئەوەی دوا یی
زیادتر لە گشت
هەڵپەیەتی
بۆ وەرگرتنی
کورسی و تانج..

مرۆڤایەتی , ئەڤین,وڵات
هەرچیەك هەیە
با لەدڵ بێت
كورد بن
مرۆڤ بن
ئەڤینداری نیشتیمان بن
دڵتان لە شاخ
بەڵامماڵتان
با لەشار بێ
بیرتان نەچێ
ژیانی باوكتان
یاد گار بێ..
بەس وانەكانتان بخوێنن.